نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق داوایەک لە دەنگدەرانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکات



نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق لە هەولێر داوا لە دەنگدەرانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکات سەردانی بنکەکانی بایەمتری بکەن بۆ وەرگرتنەوەی کارتکانی دەنگدان.

نووسینگەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق لە هەولێر ڕایگەیاند، داواکارین لەو دەنگدەرانەی تاوەکوو (10ـی ئاداری 2024)، لە بنکەکانی کۆمیسیۆن تۆمارکانی بایەمتریان نوێ کردووەتەوە، دەتوانن سەردانی بنکەکان بکەن بۆ وەرگرتنەوەی کارتی دەنگدان.

هەروەها بنکەکانی سەر بە لقی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق ئاگادار لە یەکشەممە تاوەکوو پێنجشەممە لە کاتژمێر هەشتی بەیانیانەوە تاوەکوو سێی دوانیوەڕۆ کراوەن و پێشوازی لە هاووڵاتیان دەکەن.